نێچیری هەفتە

عەلی مەحمود محەمەد 23-11-2004

– لە ناوچەکانی ئیمپراتۆرییای زەرد برادەرانی سەوز فەوجی مەتروکە بۆ دەنگدان دەکەنەوە , پێچەوانەکەشی 100٪ ڕاستە بۆ ناوچەکانی ئیمپراتۆریای سەوز . کەچی لە ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیان هەردولایان 12 ساڵە زوخاو دەرخوارد هاوڵاتییان خۆیان دەدەن هەرچی دەکەن و دەبەن وەك شیری دایك حەڵاڵییانە . جاران فەوجی تایبەتییان بۆ گرتنی کەپکی حەمەداغا دەکردەوە ئێستا فەوجی دەنگدان بۆ گرتنی سندوقەکانی دەنگدان دەکەنەوە, ئەمەیە دڵسۆزی بۆ هەژاران .

– لە گەڵ زڕەی جەرەسی تەلەفۆنەکەیدا منیش ڕاپەڕیم پاش کەمێك چارەی دا بە یەکدا و جنێوێکی پۆست کرد بۆی و ووتی –دەیەوێت بمنێرێت بۆ بەغدا و نزیکەکانی خۆشی بکاتە ئەندام پەرلەمانی کوردستان . ووتم چییە ؟. ووتی –دەڵێت بۆ بون بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان شوێن تەواو بوە . شەڕە لەسەر بوون بە ئەندام پەرلەمانی کوردستان بەڵام کەس ناوێرێت بچێت بۆ بەغدا بۆ بوون بە ئەندام پەرلەمانی عێراق . ئێمەش بە نیازین سیاسییەکانمان مافەکانمان لە پەرلەمانی عێراقدا بچەسپێنن , ئای کە نایبینین . نەوێرن بڕۆن چۆن دەوێرن قسە بکەن؟؟.

– دەبوایە یەکەم زانکۆی نوێ لە کوردستان پاش ڕاپەڕین لە قەڵادزێ بکردرایاتەوە . بەڵام داخەکەی گرانم شوێنی کۆنی زانکۆکە ئەندامانی کۆمیتەو مەڵبەندی پارتی فەرمانڕەوای دەڤەرەکە لوشییان دا , لە بڕی زانکۆ خانوییان لەسەر دروست کرد,لە هەر وڵاتێکی کە بوایە ئەو شوێنە زانکۆش نەبوایە دەکرایە مۆزەخانەو و شوێنی سەربازی وون . کەچی ئێستا وەك سەدەقەی هەڵبژاردن بە خێر کۆلێژێکییان لە زانکۆی کۆیەوە بۆ دەگوازرێتەوە , گوانی زانکۆکە لە کۆیەیە و کلکەکەشی لە قەڵادزێی شەهیدانە , هەڵەبجە و گەرمیانیش دەبێت هەر لێ لێ لۆ لۆ بۆ بێکەسی خۆیان گاز کەن , لە قوربانیدا قۆچی کوردستان بوون بەڵام لە گوان و کلکیش بون.

– میوانخانەی شیراتۆن لە هەولێر گوایە کەرتی تایبەتە بەڵام خوا نەبێت هیچ بۆرسەیەك لەم جیهانە نازانێت سەهمەکانی هی کێیە و قازانجەکەی دەچێتە کێها گیرفانی قولەوە . لەبەر دڵسۆزی حکومەوتی هەولێر بۆ پرۆژەکانی کەرتی تایبەت و خزمەت کردنییان ڕێگای سەرەکی سەنتەری شارییان بۆ خاتری ئەو میوانخانە خۆشەویستە کە هەموو خەڵکی هەولێر دەمییان بۆی ئاوە کات بە ڕوی ئۆتۆمۆبێلی هاوڵاتییان داخستووە . قازانجی شیراتۆن بایی دەعامی ئۆتۆمۆبێل لەبەر قەرەباڵغی شارو زێدە بەنزینی سەرفکراوی ئۆتۆمۆبێلی هاوڵاتییان بەهۆی گرتنی ڕێگاکانەوە ناکات. شەقامەکانی هەولێر بەشی دوو پرۆژەی دیکەی کەرتی تایبەتی لەم چەشنەو پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانێکی کەیە .